عەبدولناسرئەحمەدی
abdolnaser_ahmadi@yahoo.com

1

# شێعرێکی سیاسی

بەرانبەر بەچاوەکانت
نە
دژبەچاوەکانت

تەزاهورات دەکەم
ڕێ پێوان دەکەم
تەحەسون دەکەم و
مان دەگرم

کەچی دوایيش

بایکوت و

بایکوت و

بایکوت

---

2
لەقوڵترین
دڵ تەنگیەکانی دڵم داو
لەڕەشترین
هەوری هەڵماوی ناخمدا
هەرتوڕەیت
و
تۆرانت
توڕ دە دەم.

---

3

# شیٚعری بۆ تۆ

ئەمرۆ تریتی شیٚعردەکەم.

شیٚعری دنیا

شیٚعری کوردی

قەلاٚیەك ساز دەکەم لەپیت.

خشتی لەعەشق

دارەڕای لە وشەی گولٚ و

لەقەرسیلکە(1)

بانەناوی

لەخۆلی باران و گولٚدان.

لەگڕی تو

کەهیٚشتا نازانم کیٚی تۆ.

---

4

دوایی نیگات

گەلاٚکانی وەراندوو

پاییزهات!

×××

ئەمەوێ

لەگەلٚ چاییەکەتا

بتخۆمەوە

ئەمەوێ

تیٚکەلٚی گورانیەکانی (مەزهەرت) کەموو

تیٚر

بت بیسم

ڕۆیشتی

نە،

جاریٚکی تر

بلێ

(خۆشم ئەویێ)

---

5

**لەجنوبی ترین بەشی چاوەکانتا**
**خۆم دەبینم .**

**دەمم پڕە لەخۆشتم**
**گەرەکە**

**دڵم پڕە لەتاسەی ئەو ڕۆژە**
**کەوتم**
**تاسەم لێت نەشکا**

**سیم پڕە**
**لەبۆنی سوراوو سپیاوەکەت**

**چاوت پڕە لە ڕوانینم .**

**دەمم پڕە لەخۆشتم گەرەکە**
**دەمم پڕە لەخۆش**
**دەمم پڕە**
**دەمم**
**د÷م**